# فەرەنسییەک کوردانە ژیا

## کۆڵەپشتێك پڕ لە دەرمان و پەیامی ئینسانی

هەردی حەسەن

بیرەوەری و چیرۆکەکانی ژیانی هەر مرۆڤێک گرنگی خۆی هەیە، زۆرکەس پێیان وایە تەنێ بیرەوەری کەسایەتییە ناودارەکان گرنگە، جا چ ئەدیبێکی بەناوبانگ بێت، یانژی سیاسییەکی بلیمەت یان دیکتاتۆرێکی تۆقێنەر. بەڵام بیرەوەری و سەرگوزەشتەی هەموو مرۆڤێک گرنگی خۆی هەیە، تەنانەت بیرەوەری پیرێژنێکی نەخوێندەواری ساڵانی سی و چلەکانی سەدەی پێشوو کە هەموو تەمەنی لە قەڵای هەولێر یان لە گاورباغی کەرکوک یانژی لە سابونکەرانی سلێمانی بەسەر بردووە گرنگی خۆی هەیە، چون شتێکی هەیە بۆ گوتن، حەقیقەتێکی نووستوو لە زەینیدا هەیە، هیچ نەبێ شاهید حاڵی هەڵسوکەوت و مامەڵەی سەربازێکی چاوشینی ئینگلیزی سەردەمی بەریتانیای عوزمایە. هەڵبەتە بیرەوەری ئەو کەسانە گرنگترە کە خەڵکی ناو روداوە گەورەکان و شۆڕشەکانن، لەوەش گرنگتر بۆ ئێمەی کورد بیرەوەری ئەو خەڵکانەن کە ساڵانێک هاتوونەتە ناومان و لە وڵاتەکەماندا ژیاون و شارەزای کەلتور و نەریتەکانمان بوون. جا بەم بۆنەیەوە نووسینەوەی روداوەکان زۆر گرنگن و وەرگێڕانی بیرەوەری دۆست و دوژمنەکانیشمان گرنگن تا بزانین چاوی بیانی چۆن ئێمە هەڵدەسەنگێنێ و چۆنمان لەبارەوە دەڵێت، خۆزگە هەروەکو چۆن ئەم کتێبەی تیسۆی دۆستمان دکتۆر موحسین وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ئاوهاش بیرەوەری ئەو کەسانەی دیکەش کە لە بارەی ئێمەوە قسەیان هەیە وەربگێڕدرایەتە سەر زمانی کوردی. جێیداخە ئێمە لەم رووەوە کۆڵین هەروەکو چۆن لە زۆر شتی تردا کۆڵین. بۆ نموونە بیرەوەری مێجەرسۆن کە بەشی هەرە زۆری باسوخواسی کورد و کوردستانی سەردەمی شێخ مەحمود و عادیلەخانە، بیرەوەری ئەم پیاوە ئینگلیزە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، لێ هێشتا وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

لە سەرەتای ساڵی هەشتای سەدەی رابردوو، سەرەتای جەنگ و شۆڕش و زەنگی ترس و تۆقدا، پیاوێکی فەرەنسی، پزیشکێکی گەنج شەقامە فێنکەکانی پاریس و کەشوهەوا خۆشەکەی بە جێدەهێڵێت و بە سەر چەندین دەوڵەتدا دەکەوێتە رێ و دێت و لە سێکوچکەی سێ دەوڵەتی دوژمن و داگیرکەری خاکی کوردان ئێستێک دەکات، لە چیا بەرزەکانی کوردستان دەڕانێت و کۆڵەپشتەکەی دادەنێ و جلکی کوردی لەبەر دەکات و بەوپەڕی شادمانییەوە بەو ژیانە سەختەی ناو چیا رازی دەبێ، وەک پزیشکێک دەست بە تیمارکردنی بریندار و نەخۆشەکان دەکات. ئەویش دکتۆر فرێدرێک تیسۆ، کە بەمدواییانە وەک کونسوڵ جارێکی دیکە هاتەوە ناو ژیانی کوردەواریمان.

بێرنارد کوشنەر لە بابەتێکدا کە لە کتێبی بیرەوەرییەکانی تیسۆدا هاتووە سەبارەت بە د.تیسۆ دەڵێت: ئەو لەناو هەموو نەبەردێکە بۆ پاراستنی لاوازەکان، بۆ تیمارکردنی برینەکانیان، بۆچارەسەرکردنی ژنان، کە هەردەم قوربانی یەکەم و دوایینن، لەگەڵ کردەی ئینسانی ئازادە بۆ ئینسانی ئازاد، لەگەڵ ئاشتییە، لەگەڵ راپەڕین و بەرپاکردنی ئازادییە.

ئەم کتێبە (ئینسانێک بەپێوە) بیرەوەری ئەو دکتۆرەیە کە لە سەدەی رابردوودا، کە سەدەی شەڕوکاولکاری و داگیرکاری بووە، لە ساڵی ١٩٥١ لەو جەزایرە لە دایکبووە کە بندەستەی فەرەنسابوو، ئەو رۆژگارە جەزایرییەکان دڵ پڕ لە قینی فەرەنسا و فەرەنسییەکان بوون، تیسۆش وەک فەرەنسییەک، وەک ئەلبێرکامۆی رۆماننووس لە ساڵی ١٩٦٢ جەزایری بەجێهێشت، ئەو کاتە تەمەنی یانزە ساڵ بووە لەگەڵا خێزانەکەیدا گەڕاوەتەوە بۆ فەرەنسا، باشتر بڵێم ناچار کران بگەڕێتەوە بۆ فەرەنسا. لە ساڵی ١٩٨٠ بووە بە پزیشک، لە قۆناغی دواتری ژیانیدا وەک دکتۆرێک رووی لە کوردستان کردووە و بەشێک لە ژیانی لە ئەفغانستان و کوردستان و مەغریب و سۆماڵ و.. بەسەر بردووە و ئاقیبەتیش چارەنووس ئەوی وەکو کونسڵی فەرەنسا هێنایەوە بۆ کوردستان و جارێکی دیکە بووە بە میوانی کورد، تیسۆ ساڵانێک وەک پزیشک لە تەمەنی گەنجێتییەوە بە میللەتێکی بندەستە و لەتوکوت بوو ئاشنابووە، وەک خۆبەخشێک لەگەڵ (یارمەتی پزیشکی جیهانی) هاتووەتە رۆژهەڵاتی کوردستان و تێکەڵ بە خەباتگێڕانی کورد و هاوڕێیانی حزبی دیموکرات بووە، ئەو دۆستایەتییەش هێشتا درێژەی هەیە و تیسۆ هێشتا سەرسامە بە قاسملۆ و شەرفکەندی و وەسێتی کردووە ئەگەر مرد لە تەنیشتی ئەوانەوە بنێژرێ، گەرچی کورد و فەرەنسا کەمو زۆر جۆرێک لە نزیکایەتی لە نێوانیاندا هەیە، بەتایبەتی فەرەنسای سەردەمی دایە میتەران (دانیاڵ میتەران) کە بۆ کورد دایکێکی بە سۆزبووە. بەڵام هەوڵە فردییەکانی ئەم دکتۆرە پەیوەندییەکی باش و دۆستانەی دروستکرد لەنێوان گەلی کورد و گەلی فەرەنسا.

تیسۆ ئەو پزیشکەی لە ساڵانی کارکردنیدا لە کوردستان بەرەزالەت و ناخۆشی و هیلاکییەکی زۆردا گوزەری کردووە، لێ بەدڵگەرمییەوە خزمەتی نەخۆش و بریندارەکانی کردووە، تیمارکەر و پزیشکی خەڵکی ئاسایی و مرۆڤی خەباتگێڕبووە و هاوکات دڵخۆش بووە بەوەی لە سایەی شەهید قاسملۆدا بووە و هێشتاش چێژ لە ناسین و بیرەوەری ساڵانی هاوەڵێتی قاسملۆ دەبینێ، دکتور تێسوو سەبارەت بە کەسایەتی دکتور قاسملوو لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی : دکتۆر قاسملوو گەورەی من بوو، مامۆستای من بوو. ئەو سەرەتا مێژووی کوردی بە من ناساند و فێری مێژووی کوردی کردم. نەک تەنیا کوردی ئێران، بەڵکو مێژووی هەموو کوردانی رۆژهەڵات، باشوور، رۆژئاوا و باکوور. ئەو لەسەر خەریتەیەکی گەورەدا ژیۆپۆلێتیکی هەموو کوردی بە من نیشان داوە و بۆی شی کردوومەتەوە.

تیسۆش یەکێکە لەو دۆستە دێرین و مرۆڤە دڵسۆزانەی دنیا کە بە دڵ لەگەڵ گەلی کورد دان. ئەم پیاوە بە رۆحێکی گەنجانە و ئازایانەوە و هاتوو و پەیامێکی مرۆڤانەی لەگەڵ خۆی هێنا و ساڵانێک لە ماڵی کورد کە ئەو کات ئەشکەوت و چیاکان بوو خزمەتی کردووە و ساڵانێک لە ئەفغانستانی وێرانە حاڵ و سەردەمێکیش لە مەغریب خزمەتی کردووە و بەردەوام کۆڵەپشتەکەی پڕ بووە لە دەرمان و پەیامی مرۆڤدۆستی.

ئەم پیاوە رۆحی تێکەڵ بە گەلانی بەد بەخت و ستەملێکراوی رۆژهەڵاتی بووە، تیسۆ دکتۆرێکە لەناو دڵی رۆژهەڵاتدا چاوەکانی هەڵهێناوە و زۆر بە باشی ئەو گەلانە دەناسێ کە لەگەڵیاندا ژیاوە، شارەزای کەلتور و نەریتیان بووە، لەگەڵ غەمەکانیاندا ژیاوە، دەکرێ بڵێین تیسۆ پزیشکێکی گەڕیدەیە، یان سەربازێکە پەیامی مرۆڤدۆستی هەڵگرتووە، دیپلۆماتێکە بەشوێن رەگی قوڵی مرۆڤە غەمگین و بندەستەکانی ئەم ناوچەیەوە بووە، ئەو هێندە رۆچووەتە ناو ئێمەوە لە خۆمان باشتر خۆمان دەناسێ.

سەرەتای گێڕانەوەکانی تیسۆ لە شەوێکی تاریکەوە دەست پێدەکات، شەوێک تاریک وەک بەختی کوردان، ئەستێرەکانیش ماتن، شوێن سێ کوچکەی عیراق و ئێران و تورکیایە ئەو سێ دەوڵەتەی وەک بورکان لە هەموو لایەکەوە کوردیان تەوق کردووە. تیسۆ لە قەد پاڵی چیا سەختەکانەوە دەست بە گێڕانەوەکان دەکات و لەگەڵا گیانفیداکاندا هەنگاو دەنێ وەک خۆی دەڵێ کەنداڵ نەزانی کوردی باکوور باسی کوردستانی رۆژهەڵاتی بۆ کردووە و پێشنیاری بۆ کردووە روو لەو بەشەی کوردستان بکات کە بۆ ئەو شوێنێکی نوێ بووە، نە جەزایر بووە و نە پاریسی پایتەختی فەرەنسا، شوێنێک جیاواز و نامۆ، رۆژهەڵاتی کوردستان و لە ساڵانی سەرەتای حوکمی و هاتنی مەلاکاندا. تیسۆ بۆ ناوجەرگەی شەڕێک و شۆڕشێک لەبن دەستی تورکەکانەوە، بەناو ترس و تۆقی میتی تورکیاوە هاتووە و ورد و درشی ئەو رۆژگارە دەگێڕێتەوە کە هێشتا کورد بە ئومێدەوە بەشداری لە شۆڕشی مەلاکاندا کردووە و دەچێتە ناو بارەگای حزبی دیموکراتەوە و وەک خۆی دەڵێت لەگەڵیان ژیام و نانی ئەوانم خوارد و جلی ئەوانم پۆشی و... خوڵاسە بووە بە کوڕی ماڵەکە.

لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەدا باسوخواسەکانی تیسۆ دەگەنە شوێنێک کە مرۆڤایەتی تێدا بووە بە خۆڵەمێشن ئەویش ئەفغانستانە، ئەفغانستانێک نەک هەر خاکەکەی بگرە مێشکی مرۆڤەکانیشی مینرێژکراوە، وەک دەڵێت ئەو کاتەی منداڵەکان دەچوونە ناو کێڵگەی مینەوە و مینەکان پێیاندا دەتەقینەوە و ئێمەش وەک شێر دەچووین تیمارمان دەکردن و باوکی منداڵەکانیش دەیانگوت لێگەڕێ دکتۆر خۆت ماندوو مەکە ئەمڕۆ یان شەو یەکێکی دیکە دروست دەکەم. ئەفغانستان دۆزەخێکە مرۆڤ تێیدا دەبێت بە خۆڵەمێش، هەزاران کەس دەکوژرێن، دەسووتێن، بەبێ ئەوەی چاوەکان یەک دڵۆپ فرمێسکیان لێ بڕژێ، وەکو بڵێی کانیاوی ئەوین و سۆز و بەزەیی وشکی کردبێ، تیسۆش بەکۆڵێک دەرمان و سۆز و بەزەییەوە، بە کۆڵێک حەب و لەفاف و مرۆڤایەتییەوە دێت و دەیەوێت مرۆڤە بێگوناهەکان نەمرن. ئەو پەیامێکی پێیە و خەون و خولیای رزگارکردنی مرۆڤەکانە. تیسۆ هاتووە ئەو مرۆڤانە تیمار بکات کە بە گوللەی ئەو چەکانەی فەرەنسای سەردەمی شیراک بریندار بوون.

دکتۆر فرێدریک تیسۆ، لە ساڵی ١٩٥١ لە شاری بیلدای ئەلجەزائیر لە دایک و باوکێکی فەرەنسی لەدایک بووە. لە ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ بنەماڵەکەی دەگەڕێنەوە بۆ فەرەنسا. لە ساڵی ١٩٨٠ دەبێتە پزیشکی تایبەت بە تەندروستیی گشتی. دکتۆر تیسۆ لە دەستپێکی ساڵەکانی ٨٠ لە رێگەی پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی دکتۆر قاسملۆ لە ئەوروپا، ئاشنای نەتەوەی کورد دەبێ و لە رێگەی رێکخراوی پزیشکانی بێ سنوور روو لە کوردستان دەکات و وەک پزیشکێک لە کوردستان دەست بە چارەسەریی نەخۆشەکان دەکات. لەپاش رووخانی دەسەڵاتی دیکتاتۆر سەدام حوسێن و دامەزراندنی کۆنسوڵی گشتیی فەڕانسە لەهەرێمی کوردستان، تیسۆ ئەمجارە وەک کونسوڵ دێتەوە ناومان و دەبێت بە یەکەمین کۆنسوڵی گشتیی فەرەنسا لە کوردستان، لە مێژووی پێوەندییەکانی فەڕەنسا و کوردستاندا. قسەی کۆتایی ستایش و ئافەرینێکە بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە و ئەم هەوڵە چاکەی د. موحسین ئەحمەد عومەر، جێی خۆیەتی دەستخۆشی لێ بکەین، چون دەستی بۆ کارێکی باش بردووە، کە ئەویش سەرگوزەشتەی پیاوێکی فەرەنسییە لەبارەی تێکۆشان و ژیانی کوردەوارییەوە، ئەم وەرگێڕانە کارێکە شیاوی خوێندنەوە و بەهەندوەرگرتنە، دکتۆر موحسین بە کوردییەکی نازدار سەرگوزەشتەی فەرەنسییەکی چاوشینی وەرگێڕاوە.




